فۆکۆ و ئاگامبەن: فەلسەفەی پزیشکی و ڕەخنەکردنی پزیشکیپڕستی-10- ... ئازاد حەمە

بەشی دەیەم

پێشەکی: قایرەس شتێکی تازە نییە بۆ فەلسەفە

ژەرخانی هزریی ئەم بەشەی نووسینەکەمان لەوەو خێواڵادەکات کە، بەچوونی فەیلەسوفەکان مانای بۆ نەشونمای تێگەیشتنی هزری پزیشکی و تەندروستی هەبووە و پزیشکی کلینیك (Clinic) ی و تۆژینەوەی کلینیکیش تادەگاتە ئێتیکی پزیشکی خستەتژەر دیدگای چاودێری خێوەو. بەیە بۆ فەلسەفە شرۆڤەکردنی دەسەڵاتی پزیشکی، سیاسەتی تەندروستی و تێگەیشتن لە قایرەس شتێکی نوێ نییە. قایرەس، کە بەشێکە لە مێژووی بوونمان، لەناو خانەخێی تردا دژیت و بەردەوامی بۆ هەبوونی خێی دەدات، وەکیتریش سیستەمی ژینگەیی گەردوون بەجۆرێکە لە سەرهەڵدانی قایرەس و دروستبوونی بەکتریاکان بەدەرنییە. بوونی قایرەس ئاماژەیە لەسەر ژیان، جووڵەی زیندەکان و دروستبوون و کاری خانەکان. هەرچی فەلسەفەیە پەیوایە مێژووی کەمایەتی قایرەسەکان دەمانباتەوە شوێنێکی تر کە هەمان شوێنی ڕاڤەکردنی فەلسەفیانەی قایرەسەکان نییە. بایخدانی زانستە سەروشتییەکانیش لە پاش سەردەمی ڕەشنگرییەوە بۆ ژیاندەستی(Vitalism)فەلسەفەی زەرتەر لە زیندەوەرناسی(Biology)نزیککردەوە. یەکێك لە لەکەوتەکانی پەتای کەرناش،کە بۆ قایرەسە زیرەکەکە ناوی ڕەشتووە، ئەویە کە ڕەوشی تەندروستی بووە بابەتی مشتومڕ و پزیشکیش وەك زانستێکی موقەدەس خێی نمایشکرد. ئەمەش وایکردپاراستنی ئاسایشی گشتی لە گوزارەی ئاسایشی تەندروستیدا خێی چەبکاتەوە و ئاسایشی ژیانی (Biosecurity)یش بەسیاسیبکرێت و هەرهەمووش لەوسەرەوە بە"ماسکێکی تەندروستییەوە بناسرێنەوە". هەر لەم ڕوگایەوە دەزگەی ئەوتەی تەندروستی سیاسیئامەزانە هاتەپێشەوە کە "ناسنامەی ڕەوشتی و ناسنامەی تەندروستی" ڕوبەڕووی یەکدیببنەوە. بەیە ناکرێت لە دەخێکی وادا بکەوینە ناو بەهەڵەکدانەوەی پتایەکی

بەجیهانگیریکراو و خەشمان بە بیانووی نالەجیکییەوە سەرقاڵبکەین. جگەی سەرسوڕمانیش نییە ئەوەی ئێستا لەژێرسایەی پەتای کۆرۆنادا دەگوزارەت بە بیرمەندان"قەیرانکی بایەلۆژی جیهانگیریی" و لەیەکاتیشدا مێژووی زانست و فەلسەفە پەماندووەت، پەتاکان بەپێی مێژووی سەرهەڵدانیان سنوری تێشنەسەندن و کارتێکردنیان دیاریکراو نییە و جەنگیش لەگەڵ پەتاکانا بەکەتایە و بوونەوەرەکانیش لەتەك قایرۆس و بەکتریاکانا دیرەکەکی کەنیان هەیە. هەونیش نییە وانە وەرگرتنی مرۆڤکان لە نەخۆشییەکان چ جۆرە وانیەك دەبن: هەوشتی یان دەروونی، بایەلۆجی یان ئاینی؟لەسەر ئەم بنەمایە، لەم بۆشەدا، بەشەك لە پرسیارە لەهە سیاسی و وەسکەرەکان تایبەت بە پەتای کۆرۆنا و بابەتی تووشبوونی دەرد و تەقانی تەندروستی لەهەگای شیکاریی فەلسەفییەکانی فوکۆ و ئاگامبەنۆ وەهامدەینەوە و دەشیانکەین بە کەهەکەی سەرەکی ئەو باسانەی لەم بۆشە تەهامانی لەبارەوە دەکەین. پێشمانوایە خوێنەر پێویستە بە وریاییەوە مامەهە لەگەڵ پاشماوەی ئایدیای نیولیبرالیزم و تارمای هزری سیاسی کارل شمیت Schmitt لە لەکدانەوەکانی فوکۆ و ئاگامبەن دا بکات.

فەلسەفەی پزیشکی

هزری پزیشکی بەشەکە لە مێژووی هزری زانستی. مامەهەی فەلسەفەش لەتەك هەزری زانستی یان لەتەك پرسیارە بایۆ-کیمیای و جیۆ-فیزیاییەکان بە سەرەتای دەرکەوتنی فەلسەفە دەگەهێتەوە. لەرەوە بەوە دەگەیەهن کە زانستە کەوتنە فەلسەفەوە پیشەی فەیلەسوفەکان(بەتایبەت فەرەنسییەکان)بووە و پزیشکیش یەك لەو زانستانە بووە فەلسەفە خستوویەتەناوخۆیەوە. جگەلە پزیشکی بیرکاری،فیزیاش شوێنیان لەناو فەلسەفەدا هەمیشە دیاربووە. کەوابێت، مانای فەلسەفە بە پزیشکی تەنیا لە پزیشکیدا قەتیسنابێت بگرە گشت زانستە سروشتییەکانیش دەگرێتەوە. دیرەکی پەکەوەلکانی فەلسەفە و پزیشکیش وەك دوو دیسیپلینی زانستی لەگەڵ تێگەیشتنی فەلسەفییانەی هەپۆکراتەس (Hippocrates) و گالەن (Galen) (یان جالینەس) بە پزیشکی دەستپێدەکات کە تا هەنووکەش جێگای لەناو فەلسەفەی پزیشکیدا بەرچاویی. لە فەلسەفەی پزیشکیدا لەکەهینەوە لە کاری پزیشکی گرنگی خۆی هەیە و پەل هاویشتنی فەلسەفەش بەرەو تێگەیشتن لە سروشتی بوونی مرۆیمان بۆشەکە لەو گرنگییە. شوێنی فەلسەفە لە پزیشکیدا ئاوێتەبوونی دوو دادوەرییە ،فەلسەفی-پزیشکی، کە ئەو دوو دادوەرییەش بەگەیشتنن بە هاستیەکی فەلسەفی-پزیشکی، کە ئەوەش گەیشتنە بە دەستنیشانکردنی ئازار(ئێش)لە جەستەی ناساغدا.

لەرێ پەیستە وتن بەتەسەر پاتەلۆجی (Pathology) کە زانستی نەخۆشیناسییە و دەبێتە دوو بەشەوە: زانستی هۆکاری نەخۆشی (Etiology) و زانستی پێناسەکردنی نەخۆشی (Nosology) . هۆکارناسی نەخۆشیەکان پشت بە جوگرافیای جەستەی نەخۆش دەبەستێت. شوێنی نەخۆشی لە جەستە ئەو جێگایەی نەخۆشیەکە خۆی تیادەئاسەوار دەدات و دیاریکردنیشی جوگرافیای جەستەی نەخۆش لەبەردەم توێکاری پزیشکی دەخاتەسەرپشت. لەرەوە پەیوەندی پزیشکی بە ئازار و نەخۆشیەوە هەندێ تری تێکەوت و پاتەجۆن یان نەخۆشخەر (Pathogen) لەگەڵ زاراوەی نیشانە (Symptom) ، نیشانەکانی نەخۆشی، پێکەوە ئیشیان لەسەر ناساغی(Illness)، نەخۆشی (Disease) و پێتا بەجەرەکی سیستەماتیکی پزیشکییانە کرد. مێژووکردانی پزیشکیش کە زانینێکی زەرمان لەسەر دەرکەوتنی نەخۆشیە نوێکانی پاش سەرهەڵدانی کەمەڵگەی پێشسازی دەدەنە هەما بۆیە دەکەن کە لە کۆتای سەدەی نۆزدە بەولاوە فەلسەفە زەرتر لە پزیشکییەوە نزیکبووەوە تا فیزیا و ئەمش زەمینەی بۆ گۆشەی فەلسەفەی پزیشکی و فەلسەفەی زیندەوەرناسی شیاوترکرد. پردی نێوان فەلسەفە و زانستیش لەمیانەی زیندەوەرناسی و کارئەندامزانییەوە(فسیۆلۆجی) بەجەرەك کارابوو فەلسەفەی سەرگەرمی بیرکردنەوەی ترکرد.

سەرباری هەموو ئەوانەی وترا، لەگەڵ دەرکەوتنی کەرناڤایرس فەلسەفە و پزیشکی، دواتر بیرکردنەوەی فەلسەفی و بیرکردنەوەی پزیشکی، زەرتر لەیەك نزیکبوونەوە. دیرکی پەیوەندییەکشیان بە ئەو دەمانە دەگەڕێتەوە کە فەیلەسوف بە حەکیم ،دانا (Sophon) ، ناوزەدکراوە. ڤیتاگەراس (Pythagoras) یش حەکیمە پزیشکەکە بووە. حەکیم ئەو کەسە بووە دانایی و زانینی لەسەر گشت هەبووە: خوا، ئەش، کۆشوهەوا، هۆوشت، گەردوون، نەخۆشی،دادپەروەری و…هتد. ئەستاشی لەگەڵ بەت یەکلانبوونەوە هەپۆکراتەس فەیلەسوف بووە یان"یەکەم دامەزرێنەری قووتابخانەی پزیشکی"لە یۆنانی کۆن! لەناو دە کولتوورە کۆنەکەی مرۆڤایەتیش""میزۆپۆتامیا، هیندەس، میسری کۆن ،مایا ،چینیەکان، یۆنانی کۆن، فارس، هۆما، ئازتێك (Aztec) و ئینکان (Incan) پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پزیشکی لەکتردانەبەاوبوونە. جێگومانیش نییە، ناوی فەیلەسوف و پزیشك لەگەڵ گۆشەی شارستانی کاری جیایان گرتە ئەستە و دەرکەوتنی تێکنەلۆژیای زانیاریش ئاقاری تری بەم پەیوەندییەدا و لەناو پزیشکیشدا"دوکتەر"نازناوەکی تر و ئەرکەکی تری بەدیاریکرا، کە هەمان ئەرکە کلاسیکەکەی نییە.

پارسەنگیەکەی ناو فەلسەفە، لەدیدی ژەرژ کەنگیلەمی (Georges Canguilhem) مامۆستای فوکۆ، بە نزیکبوونەوە لە زانستەکان

ەکدەخرێتەوە کە ئەم لایەنەکی تری ئەم باسەیە پەیوەستە لەر تایبەت بە فەلسەفەی پزیشکی، یان پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پزیشکی، باسبکرێت. زیندەوەرناسی نەك هەر زانستی هاوبەشی نێوان فەلسەفە و پزیشکییە، بەکو زانستی هاوبەشی نێوان فوکۆ و ئاگامبنیشە. قەرزاری تەریی ئاگامبن بە فوکۆ بە تەمای سیاستی ژیانی(Biopolitics)دگەتەوە کە بەبگومانەوە بانکی مەعریفی فوکۆ لەم بارەیەوە پێ لە یەدەگی هزری کە دواتر ئەو لایەنە لەسەر دەستی ئاگامبن وەبەرهێنانی تری تەداکرا. پێش فوکۆش بەشەك لەو بیرمەندانەی مەیلیان بە تیەری زانین(Epistemology) و فەلسەفەی زانست هەبووە لەگەڵ زیندەوەرناسییەوە پەیوەندی نێوان فەلسەفە و پزیشکییان سازاندووە. لەم ڕووەوە کەنگیلەم، کە مامەستا تەزی دکتەرانامەکەی فوکۆ بووە، چاترین نموونەیە و کارە ناسراوەکەشی لەسەر نەخۆشیناسی(پاتەلۆجی)باشترین بەگەیە. لەڕووە دەشێت بوترێت، لە 70 ساڵی ڕابردوودا لەناو بیریارانی فەرەنسی مێژووی پزیشکی و مێژووی زیندەوەرناسی کە بەشەکن لە مێژووی زانست لەسەر دەستی کەنگیلەم دەرگا لە فەلسەفاندنەکی زانستی دەکاتەوە. لەو پرسیاری فەلسەفی دەبەت بە پرسیاری پزیشکی و بایەلۆژی، لە وردەکارییەکانی پەیوەندی نێوان فەلسەفە و زانستە سروشتییەکان و کەن ئەوانەی، لە ڕوویی مێژوویییەوە، هزری ئەم پەیوەندییە پێکدەنن بە نووسینیترمان هەدەگرین.

فوکۆ: لەدایکبوونی هزری پزیشکی و کلینیك

ئەستێرەی هزریی فوکۆ لەگەڵ بەاوبوونەوەی کەرەنا لە دروشانەوەدا بوو و پەتای کەرەناش گفتوگۆکانی فوکۆیان سەبارەت بە مەرگ، درکی پزیشکی، لەدایکبوونی کلینیك و نیشانەکانی نەخۆشی وروژاندەوە. ئەم وادەکات بڵێین، لەسەر دەستی فوکۆ پزیشکی و سیاسەت ،پزیشکی و فەلسەفە پێکەوە بابەتی بایپۆلیتیك و بایئەتیك، ڕەوشتیبایی (Bioethics) دەوروژێنن. ئەمەش لەبەرئەوەی مێژوو و سستەمی هزر لەسەر دەستی فوکۆ لە شونەکی بەرتەسکدا نەوەستاوە و پەل بەرەو دیسیپلینەکانی تریش دەهاوێت و، پەیوەندی نێوان بایەلۆجی و فەلسەفە، نێوان پزیشکی و فەلسەفە تادەگاتە فەلسەفە و مێژووی زانستیش لەکدەئاڕەنێت. هەر لەوێندەرێش نەخۆشی و پزیشکی، ساغ و ناساغ (نەرمال و نانەرمال)لە چوارچێوەی مێژووی هزر ڕاڤەدەکرێن و دیدەکی فوکۆیانە بە واتای ساغ و ناساغ هاوکات بە نەخۆشیناسی سەرهەڵدەدەن. فوکۆ لە ڕەگەای ناسنامەی نەخۆشییەوە تۆژینەوەی فەلسەفی و زانستی پزیشکی پێکەوگرێدەداتەوە و لەدایکبوونی

کلینیکیش دەکات بناغە بۆ هەڵسەنگاندن(ئارکیۆلۆجیای) لە درکی پزیشکی کە ئۆباما هەوڵدەکە بۆ چوونە ناو بابەتە پزیشکیەکان (درم، جەستە، بیماری، ئێش و...). سەرباریئاوە، خستنەڕووو و پشاندانی نەبینراو لە بواری پزیشکی هەوڵێکی تری فوکۆیانەیە بۆ وەستان لەسەر ژیانی ناوەوەی ئەم بوارە و ئاشکراکردنی پێوەندیشی بە دەسەڵاتی سیاسییەوە، چونکە بینراو/نەبینراو لە پزیشکی سنوری تەندروست/ناتەندروست، نەرمال/نانەرمالیش ئاشکرادەکات. بەمجۆرە ئاو دەمەی مرۆڤی ناساغ دەبەتە بابەتی بواری توێکاری پزیشکی ئەم پرسیارەمان لادروستدەبێت: چی لاو جەستە بیمارەدا دەگوزەرێت کە توێکاری تیادەکرێت؟

بۆ فوکۆ دەرکاوتنی کلینیك فەرمکە لە زانین و جۆرە کارکردنکی فوکۆیانەشە لەسەر(نەخۆشی و مەرگ). ئەمەش داوادەکات شوێنی نەخۆش لە کەمەنگە و بابەتی مەرگ وەك باسك لە خراپە بخرێتەبەرباس. فوکۆ لە ئامادەبوونی مەرگ لەناو هزری پزیشکی باو ڕاستییە دەگات کە پزیشکی"زانستی تاك". واتە پزیشکی ئاو زانستێیە شیکاری لەسەر خودی تاك دەکات. سەرەڕای ئەمانە، فوکۆ ئاماژە بە گرنگی پزیشکی لە دامەزراندنی زانستە مرۆییەکانیش دەدات. لەمحاڵەتدا پزیشکی وەك زانستکی پڕزەتیف دەخرێتەروو کە گرنگی نەك هەر مێتەدەلۆجی بگرە ئۆنتۆلۆجیشی هەیە. واتە، بە فوکۆ پزیشکی وەك زانست کاریگەری لەسەر گشت تۆلارسازی زانستە مرۆییەکان هەیە و نزیکترین زانستیش لە ئۆنترپۆلۆجییەوە(مرۆڤناسییەوە). لەسەر قسەی فوکۆ کەسانکی وەك(فرەید، جاکسۆن و بیشا Bichat) لەناو کولتووری ئاوروپایی تەنیا فیلاسوف نەبوونە بگرە پزیشکیش بوونە. ئەم کولتوورەش کە هزری پزیشکی بە کردەی فەلسەفییەوە گرێداوە دیدگای دانسقەی لەبارەمەهنەوە.

لە ڕوگای شیکردنەوە نەخشیناسییەکانی فوکاوە لاوە حاڵیدەبین، درم بە حاڵەتەك و دوان و سیان دروستنابێت. نەك هەر ئاوە بگرە فوکۆ سەبارەت بە دروستبوونی درم باس لە ئاگایی مێژوویی و جوگرافیش دەکات. واتە ژینگە و ئاو و هەوای شوێنەکان کاریگەری خۆیان لەسەر باوبوونەوەی درم دادەنێن. درمەکان بە هەمان نیشانە(سیمتەم)لە کەسکانا دەرناکەون. تەمەن،ڕەگەز، توانای بەرگری جەستەکان هەموو ئەمانە کاردانەوەی خۆیان لەسەر ئیشکردنی درمەکان لەسەر جەستەی مرۆڤکان هەیە. نەك هەر ئاوانە ،بەڵکو گەرما، سەرما، شێداری، وشکیش کاردانەوەی خۆیان لەسەر باوبوونەوەی درمەکان هەبووە. سەرەڕای ئەمانە فوکۆ مێژووی درم وەك بابەتێك لاو گفتوگۆیانە دەخاتەروو کە تایبەت بە هزری پزیشکی کاریتیاکردون. ئەم وادەکات پزیشکی لە دیدی ئەم بیرمەندە بە لایەن نەبێت و لەناو

ستاتس(کیان)کی سیاسییانشدا جیبکاتوو و ئاو ئاگایی پزیشکیش کە لەدوای سەدی نزدەوە دروستبوو واونابکات کە شونکی تری بە پزیشکی ناخسانند. ئەم شوە ئاڤکردنە بۆ مانایش دات، ناوی دەوڵەت بە نەخشیناسی درمەوە بلکەت، دەرکەوتن و بەاوبوونەوی درمیش ناهەندی سیاسی و ئابووری لەبکەوتوە. بەیە درمناسی دچتە خانی گرنگیپێدانی دەوڵەتیەوە. لەرەوە دەوڵەت کار لەسەر بەاوکردنەوی ئاگای سەبارەت بە درم دەکات، ئەبەتە ئەمش لەناگای دامەزراوی پزیشکییەوە مەیسەردەکرەت. گشت ئەوی وتراش سەرچاوە لە توژینەوی "لەدایکبوونی کلینیك"ی فوکەوە وەردەگرەت کە لەخیدا وەرچەرخاندنکە لە تەخوەندنەوی ئەزموونی پزیشکی ناژئاوا لە پیوەندی بە نەشونمای زانستە مرییکان و پیوەندی ئەم زانستانەش بە زیندەوەرناسییەوە. دیاریکردنی شونی پزیشکی لە کۆمەگای مەدەرن داوای ئەمجارە تەخوەندنەویە دەکات. بەیە فوکە باوردی پەلینکاری نەخشی دەکات و ئەدیەلەژیای سیاسی دەوڵەتیش لە خودی سیاسەتی پزیشکی دانابەەت. نەخشیش لەهەر بەرگکدا بەت جەری نەخشیکە سروشتی نەخشیکە دەستنیشاندەکات. جەستە کە دەبەتە موکی دامەزراوی پزیشکی هەر لەوە دەتەناساندن. بەم نەخشانە سەرهەدەدات، نەخشانە ئاو شونیە ناسنامای جەستەی تیادیاریدەکرەت. واتە، جەستە لە موکی تاکەوە دەبەتە موکی دەوڵەت، موکی دامەزراوی تەندروستی یان نەخشانە.
گەر تەماشای دەزی پزیشکی لە کاتی پەتای کۆرەنا بکەین دەبینین کە شەوی جووڵەی سە کوچکەی(پزیشکی. زیندەوەرناسی و کارئەندامزانی) هاوشانییکبوون، لە ئەوی بە فەلسەفە مەبەست بوو ئەونەبوو، بەکو ئەوەبوو کە سەکوچکەی(نەخش، نەخشی و نەخشکەر) نەبنە قوربانی پزیشکیکی بەسیاسیکراو. بگشتی بە فیلەسوفان هزری پزیشکی بابەتی تەهزرینە نك خودی پزیشکی. واتە، پزیشکی وك هزر نك وك زانستکی ئەبستراکت. بەها و پەوانکانیش لە پزیشکیدا و پیوەندی پزیشکی بە زانستی ناوشت و بە ناوشتی پزیشکییەوە هاوکشە ناسادکەی کاتی کۆرەنا بوو. بەیە کلینیك شونی بایخپێدانە بە نەخش دواتر بە نەخشیکە و ئەوش کە نەخشکەر. بەپەی بنەماکانی ناوشتی پزیشکییش بەت ئەوی کە گرنگە پزیشك بایخ بە خودی نەخش بدات پێش بایخدان بە نەخشییکە، لە سستەمی سەرمایداری تەندروستی بەها ناوشتییکانی پزیشکیی کوشتوە.
مرۆقی نوە چ سودك لە پزیشکی وەردەگرەت؟ پزیشکی هکار نییە بە دورکەوتنەوی مرۆف لە خورافیات؟ یاخود پزیشکی بووە بە زەبرکی زانستی؟ لای خوارەوە دینەسەر تەگەیشتنی ئاگامبەن سەبارەت بە پزیشکی کە لەگەڵ باوبوونەوی کۆرەناڤایرەس گفتوگەیکرد.

ئاگامبۆن: پزیشکی وەك ئاین و مانای ئاسایشی ژیانی(Biosecurity)

ئاگامبۆن ،لەسەر ڕووتی فەلسەفیی فوکۆ، تۆڕی بایۆپۆلیتیك لە کولتووری نوێی ڕۆژئاوا بەرباسدەخات و لە گەرمەی گفتوگۆی پەتای کۆرۆناشدا هەندەك نووسینی بڵاوکردۆتەوە کە لەڕێ ئاوێتەبوونی بەسەردەکەوە کە لەگەڵ تەگەیشتنی فوکۆ بە هزری پزیشکی هاوشانە لە شارستانی هاوچەرخی ڕۆژئاوا. ئاگامبۆن پێیوایە پزیشکی، ئەم زانستە، بووەتە ئاینی سەردەمەکەمان، لە ڕۆژئاوای مەدەرنیشدا هەمیشە "سێ سیستەمی باوەڕ" ژیانیان پێکەوە بەسەربردووە: مەسیحیای، سەرمایەداری(پارێزستی) و زانستەکان. لە مۆژووی مەدەرن ئەم سێ ئاینە لەلایەك لە پێکدادان و دابڕاندا بوونە لەتەکیەکدا و لەلایەکیترپێکەوە ژیاون و کارلێکیان لەسەر یەکتر داناوە و تاگەیوەتە ئەو ڕادەیەی کە ئێستا پێکەوە بایەخی هاوبەش کەیاندەکاتەوە. بە ئاگامبۆن ڕاستییە تازەکە ئاوێیە کە لێنوان زانست و ئەم دوو ئاینەی تر (مەسیحیای، سەرمایەداری) ململانێیەك هەبووە کە دواتر بە قازانجی زانست گەڕاوەتەوە. ململانێکە پێیوەندی بە تۆڕی و بە پرینسیپەکانەوە نەبووە، بەڵکو بە پراکسیسی کولتووریەوە هەبووە. شتێکی سەیریش نییە قارەمانی ئەم جەنگە ئاینیە نوێیە ئەو بژیەی لە زانست کە پێیدەوترێت پزیشکی و ئامانجی ڕاستەوخۆشی جێستەی زیندووی مرۆڤ. بە ئەو مەبەستە ئاگامبۆن خەسڵەتەکانی پزیشکی دیاریدەکات کە لە سەردەمی ئێستادا خەی وەك ئاین نمایشدەکات. یەکەم خەسڵەتیشی ئاوێیە کە پزیشکی وەك سەرمایەداری دەگمەای تایبەتی پێویست نییە، چونکە واتا سەرکێیەکانی لە بایۆلۆجیەوە وەردەگرێت. بەپێچەوانەی بایۆلۆجیەوە، پزیشکی ئەو واتایانە لە تەگەیشتنێکی عیرفانی-لاهوتی دا دادەڕێژێت کە جەمسەرکی فرەناکۆکی دژگەرایان تیایە. ئاگامبۆن پشیوایە لاهوتییەکان کە دەبێت ستراتیژی داکۆکیان بگۆڕن نوێنەری ڤایرۆسناسی(Virology) و زانستن و شوێنیشیان لەسەر سنوری نێوان بایۆلۆجی و پزیشکی دایە. ڕاهیبەکان کە پێشتر نوێژی بەردەوامی خۆیان دەکرد ئەمڕۆ لەژێر فشاری پزیشکی، کە ڕەگی ئاین دەبینێت، دیستانس دەخەنە نێوان خۆیانەوە. عیبادەتیش بەڵەمۆلا نە ئازادە و نەش بە بڕامبەرە. عیبادەت بۆ سزایانە سنوردارکراوە لەسەر سیستەمی ڕۆحی سڕپێنراون، لە لە کات و شوێنی دیاریکراویشدا پێوودکرێت. کارلێکی نێوان ئاین و دەسەڵاتی سێکولار شتێکی نوێ نییە. نوێبوونەکە تەنیا لەو ڕاستییەدایە کە ئەوەی گرنگە دەگم(عەقیدە) نییە، بەڵکو خودی جۆری عیبادەتەکەیە. ئەو جۆرە عیبادەتە ئاینییەی لە ئێستادا هەیە پزیشکییە. هەر دەسەڵاتی

سەکولاریشە بۆ ئاینیبووونەکەی دەنێتەسازان. بەگومان ئەم عیبادەتە ئاینییە تازەیش، بۆناوی زانستەوە، هەکاری گشت دورکەوتنەوەکانمانە لەیەکتر، دەستبەرداربوونەکانمان لە: جوڵە، کار، خۆشویستی، هاوڕێیەتی، پەیوەندی کۆمەڵایەتی، باوەڕە ئاینی و سیاسییەکانمانیش. بەپێی تێگەیشتنی ئاگامبەن بۆت پزیشکی نەك شوێنی عیبادەتی گرتەوە، بەڵکو فشاریشە لەسەر ئاین و دەشخوازێت شوێنە ئاینیەکان(وەك ڤاتیکان)گوڵەایەی پزیشکی بین. بۆئەوەی پزیشکی مومارەسەی ئاینگرایی خەی بکات پێویستی بە پاڵپشتی دەسەڵاتی سەکولارە تا ئاینی زانستخوازی کاریخەیبکات.
ئاگامبەن سەرسامی خەی بە ئەوە نیشاندەدات کە چۆن دوو ئاینەکەی تر ، ئاینی پارە و ئاینی مەسیحی، شوێنی خەیان بە پزیشکی (و زانستەکان) بەبێ شڵە بەخشی. ئاگامبەن وتەنی ئەی ئەوە سەرسامکەر نییە کە پاپا دەستبەرداری یەکەك لە کارە پیرۆزەکانی خەی بووە کە ئەوەش سەردانی نەخۆشەکانە! یان سەرمایەداری لەگەڵا بەو هەموو زیانە قایلبێت کە لە بەرهەمهێنان لەیکەوت بەرامبەر بە کەبوونی لەگەڵ ئاینە نوێکەی ڕۆژئاوا (ئاینی پزیشکی)! بەپێی ئەم سەیرکردنە ئاگامبەنیانە بۆت ئاین و سەرمایەداری (یان کەسا و کارگە)بوونە نەکەری ئاینە نوێکەی ڕۆژئاوا (واتە پزیشکی). ئاینی پزیشکی توانی مەسیحیێت لە دیدی کەتای جیهان(ئەسکاتەلۆجی)یش دابڕێت. سەرمایەداری کە مەدەلی لاهوتی دەربازبوون(Salvation)ی سەکولارکرد ئایدیای کەتای کاتیشی لەناوبرد و بە قەیرانێکی بەردەوامیشی گەیی کە بە کەتایە. بەبەچوونی ئاگامبەن قەیران، لە ڕیشەدا، واتایەکی پزیشکییە کە لەگەڵ هیپەکراتەس (دەزگەڕەوەی پزیشکی لە یۆنانی کۆن)دەستپێدەکات. بەمشێوەیە، ئەوە پزیشکە بەیار لەسەر مانەوە و نەمانەوەی نەخۆش دەدات. بەپێی ئاگامبەن، گەر مرۆڤ سەرنجی ئەم دەخە ئاوارتەیە بدات کە لە ئێستادا تیایدژین دەبینێت ئاینی پزیشکی چ قەیرانی هەمیشەیی سەرمایەداری و چ ئایدیای مەسیحی بە کەتای جیهان لەیەك سەبەتەدا کەکردەوە. ئەم ئاینە جیهانییە کە پاڵە لە"ئایدیای کەتای جیهان"دەکات توانای ئەوەی نییە لەسەر شێوازی پزیشکی هیپەکراتەسیانە بەیار لەسەر مەرگ و مانەوە بدات. سەرمایەداری ،بەپێچەوانەی مەسیحیەتەوە، نە دەربازبوون و نە قوربانی بە ئاینی پزیشکی شیاودەکات. ئەو شیفایەی ئەم ئاینە تازەیە بەدوایدا دەگەڕێت کاتیە و ناشتوانێت ئەم خواوەندی بەدیەی ئێستا کارایە، واتە ڤایرەسی کۆرونا، بە هەمیشە لەناوبەرێت(واتە پزیشکی توانای لەناوبردنی هەتاهەتای ڤایرەسی نییە). هەیەکە تەنیا ئەوەشە کە ئەم ڤایرەسە بەردەوام دەگەڕێت و فۆڕمی جیاش وەردەگرێت. دواتر ئاگامبەن لە نووسینەکەی دەتەسەر

ئەوەی کە درم(ئەپیدەمی)هەروەك بە پیشەی زاراوەکەشدا دیارە(دەمەس -لە زمانی یۆنانی واتە خۆشك وەك جۆستەی سیاسی- لە هەمەرەس، ئەپیدەمیۆلیمەس- لە هەمیرەس- بە مانای شۆینەوخە دێت)پێش هەموو شتێك بە واتای سیاسی دێت کە هەوڵی ئەوە دەدات ببێتە بناغەیەکی نوێ بۆ سیاسەتی جیهان. کەوابێت، لەسەر بناغەی وتنەکانی ئاگامبەن، دەشێت ئەم درمەی هەنووکە دەیژیین بەرجەستەکردنی شۆڕشکی ناوخۆی جیهانی بێت، کە بە بەچوونی زۆرێك تووژڕەوەی سیاسی شۆڕشگێڕانەی جیهانییە نەریتییەکانە. بەواتایەکیتر، زۆربەی وڵاتان لە ئێستادا لەتەك خۆیانا لە شەدان. ئەو دوژمنەی شۆڕشکەی لەتەکدا دەکەن والەناویانا (ڤایرەسی کۆرۆنا دوژمنە نادیارەکەیە کە والەناومانا ئاگامبەن وتەنی). ئاگامبەن پێیوایە فەیلەسوفەکان چەندین جار لە مێژوو لەتەك ئاین، تەنانەت لەتەك زانستیش، یان ئەو بەشەی کە فەرمی ئاینی وەرگرتووە لە ململانێدابوونە. باشە بۆ؟ بۆپەی تێگەیشتنی ئەم بیرمەندە ئیتالییە فەلسەفە ئیشی ئەوەیە بە دوای ڕاستیدا بگەڕێت. لەسەر ئەم بنەمایە ئەمەش دەبێتە گەڕان بەدوای ڕاستی کارێ کۆنکەی فەیلەسوفە و قسەکردنیش لە سروشتی ڤایرەس و بەکارهێنانی سیاسییانەی درم و پەتاکان بەشکە لە هەوەستی ڕەخنەگرانەی فەلسەفە بە ووبەووبوونەوەی نا-ڕاستی لەناو سیاسەتی تەندروستیدا. لەکئاڵەانی فەلسەفە و پزیشکیش سەرچاوە لە گەڕانی فەلسەفە بەدوای ڕاستی و لە گەڕانی پزیشکی بەدوای تەندروستیەوە هەدەگرێت.

هەروەك پێشتریش وتمان، لەگەڵ سەرهەڵدانی پەتای کۆرۆنا ڕەوشی تەندروستی بووە بابەتی مشتومڕ و پزیشکیش وەك زانستەکی موقەدەس خۆی نمایشکرد. ئەمەش وایکرد پاراستنی ئاسایشی گشتی لە گوزارەی ئاسایشی تەندروستیدا خۆی چەبکاتەوە. لەو بارێیەوە ئاگامبەن دەتەسەر ئاسایشی ژیانی(Biosecurity) و سیاسەت و ڕەخنەی توانای کەلەکتیفی(دەستەجەمعی) خەکیش دەکات لە تێگەیشتنی ئەو بارە ئاوارتەیەی لە دەرەوەی ئەو کۆنتەکستە(سیاقە) ڕاستەوخێ دروستبوو کە کاری تیادەکات. بەدنیاییەوە کەمیشن ئەوانەی لەکدانەوەیەکی سیاسییانەی ووردبین بە ئەم بارە دەکەن. ئاگامبەن بە پشتبەستن بە هەندەك بەچوونی پاتریەك زیلبەرمان Patrick Zylberman لە پەرتووکی""ڕەشبای میکرۆبانە"" گوزارە لەو بەچوونەی ناوبراو دەکات کە چەند ساڵەك بەر لەئێستا پێیوابوو ئاسایشی تەندروستی لە پەراوێزی حیساباتی سیاسیدایە کە دواتر بووە ستراتیژێکی سیاسی دەوڵەتی و نەودەوڵەتی گرنگ. ئەمەش دروستکردنی تەرڕەکی تەندروستییەوە وەك ئامرازێك بە ئامادەکردنی سێناریۆیەکی خراپ. ڕەکخراوی تەندروستی جیهانیش لە 2005 پێشبینی ئەوەیکرد کە 150

میلیۆنێك بەهای ئینفلاوانزای باندۆ بۆگاون بمرن. ئەو دەمە ئەم ڕێکخراوە پێشنیاری جۆرێ ستراتیژیکی سیاسی کرد کە حکومەتەکان پەسەندیان نەکرد. زیلبەرمان، ئاگامبێن وتەنی، پێیوایە ئەم پێشنیارە گەلێك لایەن لەخۆ دەگرێت وەك: بونیادنانی سیناریۆیەکی وێنەاوی لەسەر بناغەی مەترسی پێشبینیکراو (ئاگاری مەترسی بۆوبوون). لەم دۆخەشدا داتاکان بەجۆرێك دەخرێنەوو کە کارگێی دۆخە خراپەکەی پێبکرێت(دوور نییە داتای وێناوی بنەڕەتیش ئاراوە). هەر ئەم سیناریۆ خراپەش دەکرێتە بناغە بۆ ڕژێمێکی عەقلانی سیاسی (دەسەاتی سیاسی سودمەند دەبێتلی). ئەبەتە ئەم لایەنەش پێویستی بەوەیە جەستەی هاوڵاتیان بەجۆرێك ڕێکبخرێت کە متمانە بە دامەزراوەکانی دەسەات بگەڕێنێتەوە و جۆرێك لە هاوڵاتیەتی باڵاش بخوازێت، لەڕاوە ئیدی هاوڵاتی مافی تەندروستی، سەلامەتی تەندروستی، نابێت کەچی لەووی یاسایەوە مەجبووریشە تەندروستبێت (ئاسایشی بایۆلۆجی). ئاگامبێن وایدەبینێت، ئەوەی پاتریك زیلبەرمان لە 2013 باسیلەوکردووە ئێستا هاتوەتەدی. سەرباری ئەو ڕەوشی ئاوارتەیی(دۆخی ڕیزپەڕەیی) بەهای بەاوبوونەوەی قایرەسەکی دیاریکراوەوە دروستبوو ڕێیتەدەچێت لە ئایندە زەمینە بۆ قایرەسی تریش خۆشبێت. ئەمە قسەکردنە لە نەشونمای جۆرە مەدەلێکی حکومەت کە لە ئایندە دەردەکەوێت و کارایی گشت ئەو حکومەتانەش تێدەپەڕێنێت مەژووی سیاسی ڕژئاوا پێیئاشنابووە. لەم بارودۆخە داماوە ئێدیۆلۆژی و سیاسییەی ئێستا گەر هەکارەکانی ئاسایشپارێزی ڕێگاخۆشکەر بووبێتن بۆ ئەوەی هاوڵاتیان دەستبەرداری ماف و ئازادیەکانیان بن، کە پێشتر ئەویان نەکردووە، ئەوا ئاسایشی بایۆلۆجی توانی کەکبوونێك لەو بارەیەوە ڕێکبخات کە هاوڵاتیان واز لە پێیوەندییە کۆمەایەتی و سیاسییەکانیان بهێنن. ئاگامبێن ڕۆخنەی سەندیکاکانیش دەکات کە لەبەر چەند بیارێکی وازاری دەستبەرداری گشت چالاکیەکانیان بوون و، ئەوەش دەڵێت کە ئەوەی ئەم حکومەتە ئیتالییە لەگەڵ خۆکدا کردی فاشیەکانیش ئەویان نەکردووە. ترسی ئاگامبێن لەم ڕووەوە ئەویە کە نەبا دەسەات لە ئایندە بە هاوڵاتیان فەربێت ئەم دیستانسە کۆمەایەتییە پڕڕپێبدات و لەسەر قەدەغەی هاتووچۆش ڕایانبهێنێت و ئەم جۆرە ژیانەش بکاتە مەدەلێکی سیاسی کە زوو زوو دوبارەکرێتەوە.

ئازاد حەمە

-_____

ژێدەر: جگەلە نووسینی(نەرماە و پاتەلۆجی)کەنگیلەم نووسینە

ناسراوەکەی فۆکش(لەدایکبووەنی کلینیك) لەم بەشە کۆکەی لەوەرگیراوە. سەروتارەکەی ئاگامبەن (پزیشکی وەك ئاین)لە 02/05/2020 لە ماپەی ئیتالی (quodlibet.it)بەناوکراوەتەوە و دواتر دەقە وەسیەکەی لە https://centerforpoliticsanalysis.ru/position/read/id/meditsin a-kak-religija بەناوکراوەتەوە. نووسینی (ئاسایشی ژیانی و سیاسەت)یش لە 11/05/2020 لە هەمان ماپەی ئیتالی بەاوبەتەوە و دەقە روسیەکەشی لە (https://politcom.org.ua/biobezopasnost-i-politika) بەاوکراوەتەوە.

-_____

بۆ خوێندنەوەی بەشەکانی تری ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکەن.....

دراماى ڕباب هەوەکى هونەرى جوان بۆ پیشاندانى تراژیدیاى کوردە فیلیپیکان ... ئێردەگان عەبدوڵا

هەمیشە زمانى هونەر لە هەموو زمانەکانى تر، کاریگەرتر و ئاسانترە، لەهەمانکاتیشدا دەتوانێت بچێتە هەموو ماڵەکەوە و کار لە هەست و نەستیان بکات. تراژیدیاى کوردە فیلیپیکان یەکێکى ترە لە تاوانە دڕندەو نامرۆیەکانى ڕژێمى فاشیستى بەعسى سەدامى، سەرو ملیۆنێک هاوڵاتى کورد، بە بیانوى نامرۆڤانەى سەرکى، لە شەو و ڕۆژێکدا لە ماڵ و حالى خۆیان دەردەکرێن و دەست بەسەر سەروت و ساماندا دەگیرێت و مامۆستاى تاوانبارى جەنگیان بە دەکرێت، ئەمەش لەکاتێدا ئەم خەڵکانە بچووکترین تاوانیان بەرامبەر بەم ڕژێمە نەکردووە، تاکە تاوانیان ئەوەیە کە کوردن و سەر بە مەزهەبى شیعەن، ئەمەش لە دیدى فاشیستە بەعسییەکانەوە گەورەترین تاوان بوو.

بەداخەوە ئەمەی کورد زۆر کەم هەوڵماندا وە کە ئەم تاوانە گەورەیەی بەعس بە جیهان بناسێنین، نەک ئەوە تەنانەت نەوەی نوێش زانیاری لە بارەی کێشەی کوردە فەیلیەکانییەوە نییە، ئەمەش دووبارە هەڵەیەکی گەورەی پارتە کوردییەکان و حکومەتی هەرێمە کە نەیتوانییوە چ لەرگەی سیستەمی پەروەردە و چ لە رێگای کتێب و چالاکی رۆشنبیرییەوە، نەوەی نوێ بە تاوانکانی رژێمی سەدامیان ئاشنا بکات، هەرئەمەش وایکردووە کە بەداخەوە بۆشکی نەوەی نوێ، نەک دژی رژێمی بەعس بن، بەڵکە هەندێکیشیان جارە سەزەکیشیان بۆی هەیە.
لەماوەی پێشوودا بەبۆنەی مانگی ڕەمەزانەوە کۆنا کوردیی و عەرەبییەکانیش کەمێک دراما یان پێخش کرد، یەکێک لەو دراما یانە کە هەر لە سەرەتاوە سەیرم کرد و مایەی سەرنج بوو لام، زنجیرە دراما ی " ڕەباب" بوو، کە کەناڵی کوردسات پێخشی دەکرد و کاری دەبلاژی بۆ کرد بوو.

تراژدیای کوردە فەیلیەکان

زۆر نەتەوە لە رێگای دراما ی تەلەڤزیۆنی یان فیلمەوە هەوڵیانداوە باسی مەژوو یان تراژیدیاکانی خۆیان بکەن، خەڵکێکی زۆر لە رێگای فیلمی ستالینگرادەوە ئاشنایی پەیدا کردووە و قارەمانی گەلی ڕووسیا بوون لەکاتی جەنگی دووەمی جیهانیدا. خەڵکێکی زۆر لە رێگای فیلمی عومەر موختار کە لە نواندنی ئەکتەری بەناوبانگی ئەمریکی "ئەنتۆنی کوین"بوو، ئاشنایەتیان بە خەباتی ڕەوای گەلی لیبیا پەیدا کردووە. جوولەکەکان لەرێگای فیلمەوە توانییان جیهان بە تراژیدیاکانیان ئاشنا بکەن، لە هەمانکاتیشدا دەقیی و نامرۆڤی رژیمی هیتلەریشیان پیشانی جیهان داوە. بەداخەوە ئەمەی کورد لەمەدا دواکەوتووین و نەمانتوانییوە هونەرە جوانەکان بە ناسینی خەمان بکاربهێنین.
دراما ی ڕەباب باسی تراژیایدی کوردە فەیلیەکان، بەراستی ئەم دراما یە بۆشاییەکی هەقیقی باسی ڕووداوەکانی ژیانی خەڵکی بەتاوانی کوردە فەیلیەکان دەکات، کە چۆن بەبۆنەوە ی بزانن بۆچی و لەبەر چی، رژێم لە ماڵ و حاڵی خۆیان دەریان دەکات و ناوانی سنووری ئێرانیان دەکات. بەراستی ئەم دراما یە زۆر بە جوانی توانییویەتی مەبەستی سەرەکی دراماکە بگەیەنێتە دیدی بینەران، لەهەمانکاتیشدا دەندێی رژێمی بەعس پیشان بدات.

دەندێی رژێمی بەعسی فاشیستی

خاڵێکی گرنگی تر بۆلای منەوە پیشاندانی ڕووی هەقیقی رژێمی بەعسی

سەدامی بوو، بەداخەوە بەهۆی خراپی سیستەمی حوکمانی ئەستای کوردیی و چالاکی بەردەوامی بەعسییەکان، خەریکە دووبارە رووی قەزەون و خوێناوی بەعس لای نەوەی نوێ جوان دەکەن. ئەم دراماییە هەوێیداوە رووی هەقیقی رژێمی بەعس پیشان بددات، کە ژێمەکە لەسەر بنەمای ترس و تەقاندن و پشلکردنی مافی مرۆڤ، دیکتاتۆری، گەندەڵی، ناهەقی و ستەمکاری دامەرزاوە. لە رێگەی ئەم دراماییەوە، ئەمە زیندان و لەدان و تاوان و ئەشکنجەدان و ستەمکاری دەبین. هەروەها بەمان دەردەکەوێت کە ئەو ژێمە چەندە دوژمنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی و دادپەروەری بووە. هەروەها چەن سەی نەکردەتوە لە ئەتکردنی شەرەف و ناموووسی خەڵکیش. بەداخەوە ئەستا بەهۆی بەاوبوونەوەی گەندەڵیەوە، خەڵکانێک وا هەست دەکەن، کە لە رژێمی بەعسیدا گەندەڵی نەبووە، بەڵام لە راستیدا لە سایەی رژێمی بەعسیشدا گەندەڵی زۆر هەبوو، بەڵام کەس نەیدەوێرا باسی لەوە بکات چونکە ئازادی نەبوو.

کورد و کوردستان

خاڵکی جوان و سەرنجراکێشی تریش کەمایەی خۆشحاڵیم بوو،لەم دراماییدا وێنەیەکی جوانی خەڵکی کورد و خاکی کوردستانی پیشانی بینەرانی داوە، ئەمەش گرنگە بەتایبەتی بە بینەری عەرەبی چونکە ماوەیەکی زۆر رژێمی بەعس کاری لەسەر ناشیرینکردنی کورد کردووە، هەروەها بەداخیشەوە هەڵکانی حکومەتی هەرێم و هەندێک پارتی کوردی، وێنەی کوردی لای عەرەبی عیراقی ناشیرین کردبوو. بەڵام لەم دراماییدا ئەمە وێنەیەکی جوان و باشی کورد دەبینین. باسی رۆحی هاوکاریی و گیانفیدایی و میواندۆستی کورد دەکات، چەن کوردەکان هەوڵی رزگارکردنی ئەو خەڵکانە دەدەن کە لە دەستی رژێمی بەعس دەکرد، کوردستان لەرە دەبەتە پەناگەیەک بۆیان.
لە لایەکی ترەوە ئەم دراماییە وێنەیەکی جوانی پێشمەرگەی پیشانداوە و وەکو خەڵکانی خەباتگێڕ پیشان دراون، ئەمەش شتێکی زۆرباش و گرنگە. لە کاتێکدا دراما تورکییەکان ماوەی چەندین ساڵە کار لەسەر ئەوە دەکەن، کە خەباتی گەلی کورد بە تیرۆریست پیشانی خەڵکی بددەن.
بەگشتیش وێنەی کورد لە دراما تورکییەکان زۆر ناشیرین کراوە، لە هەمووشی ناخۆشتر کەناڵە تیقییەکانی لای خۆشمان سەریان بە ئەم دراما قەزەوناننە گرتووە کە سووکایەتی بە کورد دەکەن.

دراماییکی تەواو خەماڵی

لەم درامایەدا کۆمپانیەک ئەکتەری بەناوبانگ و بەتوانای عیراقی دەوریان تێدا گێڕاوە هەموشیان لەرووی نمایش و توانای هونەریەوە، زۆر سەرکەوتووبون، بەتایبەتی ژنە ئەکتەری بەناوبانگی عیراقی " ئاسیا کەمال" هەروەها لە رووی سیناریۆشەوە، زۆر بەهێز بوو، کە لە لایەن سیناریست و هونەرمەندی عیراقی " باسل شبیب" نووسراوە. نووسەر هەوڵیداوە تاادەیەکی باش، باسی ژیانی کۆمەڵگەی عیراقی لەسایەی ژێرەمی بەعس بکات.
لەلایەکی ترەوە لەم درامایەدا تاقمی دڕەندان و مۆنتاژ و تەنانەت مۆزیک و گۆرانیشەوە هەمووی عیراقیی بوون. ئەمەش سەرکەوتنێکی گەورەیە بۆ دراماى عیراقی.
ئەمە سەدان بگرە هەزاران حکایەتی هەمجۆرمان هەیە و هەروەها کۆمپانیەک ئەکتەری باش و سیانریستی باشمان هەیە، ئیتر چ پێویست دەکات هانا بۆ شتی دڕەکی بەرین.
لە هەمووشی گرنگتر لەم دراماییەدا کۆمپانیەک ئەکتەری بەتوانای کوردیش تێیدا بەشدارن، لە رووی نمایش و توانای هونەریەوە زۆر سەرکەوتووبون، ئەمەش مایەی خۆشحاڵییە.

دوا قسە

بەدڵنیاییەوە ئەم دراماییە جارێکی تر کۆمەڵگەی عیراقی بۆ ژێرەمی سەدامی بەعسی لەناوچوو ئاشنا کردەوە، بەداخەوە کەش زۆرکانی عیراق، خەریکە دووبارە ژێرەمی بەعس لای خۆکی شیرین دەکاتەوە و تاوانە زۆرکانی خەریکی لەبەرچاوی خۆکی دەسڕێتەوە.
هەرچەندە ئەم دراماییە ساڵی 2013 بەرهەم هاتووە، بەڵام بەداخەوە ئەمساڵ کراوەتە کوردی، لەکاتێکدا دەبوایە زۆر زووتر ئەم دراماییە لە کەناڵە کوردییەکاندا پەخش بکرایە، بەڵام لەبەرئەوەی بەشیکی زۆری کەناڵە کوردییەکان خەریکی پەخشکردنی دراماى تورکین، دڵرفێتیان بۆ دراماى ناوخۆیی نەماوە.
لەلایەکی ترەوە هیوادارم ئەم دراماییە هانی ئەکتەر و نووسەر و کەناڵە کوردییەکان بدات، تاوەکو دراماى زیاتر لەبارەی تراژیدیای کوردە فەیلییەکان و کارەساتەکانی تر بکەن، کە ژێرەمی بەعس بەسەر گەلی کوردا هێناویەتی. لەهەمانکاتیشدا داواکارم لە وەزارەتی ڕۆشنبیری، ڕێزلێنان و دەستخۆشییەک لە ستافی ئەم دراماییە بکات، چونکە ئەمە لە رووی مەعنەویەوە هانی هونەرمەندانی عیراق دەدات، کە لە مجارە کارانە بکەن.
لە کۆتاییدا دووبارە دەستخۆشی لە تەواوی ستافی ئەم دراماییە دەکەم و هیوای کاری باشتریان بۆ دەخوازم. هەروەها وەرگێران و پەخشکردنی

ئەم دراماییش لەکاتی کوردسات، مایەی دەستخۆشی لێکردنەوەو هیوادارم هەمیشە لەمجۆرە دراماین پێخش بکەن.

لە پیـــــــواری کولتـــــــوری دانپێداناندا … ناودار زیاد

لەم کورتە نووسینەدا دەربارەی نائامادەیی یاخود پیواری کولتوری دانپێدانان لە هەرەمی کوردستاندا مەبەستمان نییە قسە لەسەر پرسی دانپێدانان بە ئۆیتردا بکەین کە یەکێکە لە کۆشە فەلسەفییەکان و فیلەسوفی ئەڵمانی و نۆڕەی سێیەمی قوتابخانەی فرانکفۆرت (ئەکسیل هۆنیث) (١٩٤٩-) یەکێک لەو فیلەسوفانەی سەرنجی زۆری لەسەر چەکردەتەوە، هەرچەندە (هۆنیث) لە کتێبی (کۆمەڵگەی بوغزاندن: بۆڕەو تیۆرییەکی ئاخڵایی نوێ) ئاماژە بە ئۆڕە دەکات کە دانپێدانان هەر ئۆڕە نییە کە بە زمان و بە قسە دان بە شتێکدا بنێین، چونکە تێگەیشتن لە ڕێگای زمانەوە بریتییە لە کورتکردنەوە و بخوێدکردنی پرسەکە و، هاوکات هەڵوێکی مەعریفیشە، بەڵکو دانپێدانان پێویستە فۆڕمی کارلێکی ناگوتاریی هەبێت، کە هەموو هەڵهێندە ئاماژەیی و ئامزیی و بڕجەستەیی و نەوانخوێیەکانی کارلێککردن دەگرێتەوە.

هەروەها باس لەو پێشیمانی و دانپێدانانەش ناکەین کە لە کەلەپوری ئایینداە، بەتایبەت لە ئایینی مەسیحیدا پێیەو کراوە، ئۆڕەی کە کەسانی پێشیمان و دانپێدانەر ڕێشتوون بە لای قەشە و کاهینانی پەرستگا و دانیاننەوە بە تاوانکانیاندا و داوای لێخۆشبوونیان لێکردوون، لە بڕامبەردا کەنیسە یاخود پیاوانی ئایینیی چەکی لێخۆشبوونیان (صکوک الغفران) پێیان فرۆشتوون تاکو لە ڕۆژیی دواییدا بۆ چەکە تاوانکانیان بکەنەوە.

لە کۆمەڵگەی کوردیدا تاکەکان ترسیان لەوە هەیە دان بە هەڵە و کەموکوێیەکانی خۆیاندا بنێن. لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلامی زۆرینەوە تاوان و هەڵە و گوناحەکان باشترە لەنێوان خۆت و خوادا بمێنێتەوە و بە کەس باس نەکرێن. ئەمە وایکردووە تاکەکان ئاگەر تاوان و خراپیان ئەنجامدا دانی پێدا نەنێن. لە ڕوانگەی عەقڵییەتی خۆی زۆرینەشەوە تاکیی خۆکیی پەسندکراو و خواستراو ئەو تاکەیە مکوو

و پەداگر و کەلەق بەت و داکەکی لە چاک و خراپی کار و کردەوە و هەوەستەکانی بکات، تەنانەت بە نەنگی و لاوازی و کەموکورتی و سازشکردنی دەزانەت ئەگەر بەت لەو قسەیەم پەشیمانم، یاخود هەمکرد ئەو کردەویەم ئەنجامدا. ئەم عەقیدەتە لە سیاسەت و کاری حوکمانیشدا ەنگیداوەتەوە، بەجۆرێک دەیان نموونەی سیاسەتمدار و حوکمان لە هەرەمی کوردستاندا هەن سەرباری ئەوەی بەرپرسیاری یەکەم و سەرەکین کەچی خەتا و گەندەڵی و کەموکوریەکان دەخەنە ئەستۆی ئەوانی تر، هیچ یەکێک لە سیاسەتمدار و حوکمانان خەیان بە خەتابار نازانن و دان بە هیچ هەڵەیەکی خەیاندا نانێن. لە کۆمەڵگەی ئەمەدا ەستیەک هەیە پەویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەویش ئەوەیە داننان بە هەڵە و خەتا و تاواندا لەسەر هەر ئاستێکدا بەت بێ بە قوربانیدان و لێپرسینەوە و باجدان تێپەڕنابەت، ئەمە کەمتر لەکەوتەی یاسایی هەیە کە سروشتی پابەندبوونی هەیە، بەڵکو زیاتر ەهەندی کەسیی و ئەخلاقیی و فەرهەنگی و هزریی و کۆمەڵایەتیی و سیاسیی هەیە.

پەیوەندیەکی بەتین لەنەوان دانپێدانان و گەڕانکاریدا هەیە، دانپێدانان سەرەتا هەستکردن و پەیپێبردنە، دواتر هەشداریی و زەنگ و هەوەستەکردن و لێپرسینەوەیە. مرۆڤ کاتێک بەرەو وەرچەرخان و گەڕانکاریی هەنگاو دەنێت کە پێداچوونەوە بە باوەڕ و ەوانگە و دونیابینی و کردە و هەوەستەکانیدا بکات، بەگومان لەمیانیدا هەڵە و ناتەواوی و کەمتەرخەمیی لە هەندێکیاندا بەدیدەکات، هەر کەسێک پەیوابەت هەموو بەچوون و کردە و هەوەستەکانی ەاست و دروست و شیاو و چاکن ئەوا ئەو کەسە نابەت بیری کردبەتەوە و بەرکەوتنی لەگەڵ کەسی تردا هەبووبەت و نابەت هەستەکانی ئیش بکەن! لەرەدا ئەوە گرنگ نییە ئەمە لەبەرئەوەی مرۆڤین کەواتە شایانی هەڵەین، بەڵکو گرنگە پرسیار لە خەمان بکەین چۆن بیردەکەینەوە؟ بە چ کەرەستەیەک لە دونیا دەڕوانین؟ چۆن ئەوانی تر دەبینین؟ لەسەر چ بنەمایەک هەڵوەست و باوەڕکانمان دادەڕێژین؟ ،،،تاد. ئەم پرسیارانە کاتێک ئەنجامیان دەبەت کە گومان لەسەر وەهامکان دابنێین و دەبەت پەمان وابەت بەشێکی حەقیقەت لای ئەمەیە، نێک تەواوی حەقیقەت و، حەقیقەتیش ەڕێیە نێک ەەها، بەڵام ئایا تا چەند زاتی ئەوەمان هەیە خەمان بخەینە ژێر تەلسکۆبی گومانەوە؟ تا چەند توانای ەووبەووبوونەوەی خەمان هەیە؟ لەرەوەیە پەرجووی لێبووردن و کرانەوە و گەڕانکاریی و دەرچوون لە چەقبەستوویی دەپشکوەت: ئەوەی ئەوروپا و بەشێک لە خەرئاوا پەیدا تێپەیوون یاخود درێژەی پێدەدەن و، بەرهەمەکەی پەژەی ەشنگەریی و

مەدەرنیتە بووە، کە ئەم و خەرهەسات بگشتی هشتا دستمان نداوتە. ئەمیە وا دکات فیلسوفی فەرانسی (میشل فکە) (١٩٢٦-١٩٨٤) بت: "مرقی خرئاوایی، مرقکی دانپدانر"، ئەمش یەکەکە لە نهنییەکانی گشسندنی خرا و برەوپشچوونی برفراوان لە هزر و کولتوری تاک و کەمگادا.

ئوەی وا دکات کولتوری دانان بە هەو و کمایسی و تاواندا لای ئەم ئامادیی نبت بریتییە لە هستی ئویتر بە گورزانین و باهوانیی، لکاتکدا بە بچوونی من مرق-پیرزیی و مرق-بایی و هیرارکییت وەای هەهندی کەمایتی و ئابوری و سیاسیی بەام بتوندی بستراوتوە بووە کە وایدبینین ئو مرقە تواو و کامە و هک و حکیمە، قسکانی نستقن و لوغز و نهنیان تدایە، کردوەکانی شایانی لاسایکردنوەن، پویستە شونپی هبگرین و بدوایدا بچین. جری ئو فەمە لە مرق کە لامان گورە و پیرز و برز و باان لە دوروبر و کەمگەکەماندا زرن، بە دیان و سدانیان ەژانە برچاومان دکون، لە سیاستمدار و ئاغا و هونرمند و سرمایدار و اگیاندنکار و ئوانی لە چاوی تاکەکانوە یاخود بە پوررکانی کەمگا کسانی بناوبانگ و سرکەوتوون. ئمانە زربیان لە وانگەی مافی مرق و دستور و یاسا کارپکراوکانوە لە تاوان و پشلکاریەکانوە تووگلاون، لە هر دوەت و کەمگایکی پشکوتوودا بن بە باج و لپرسینوە و نفرت دربازنابن، کچی لرە هم بچوکی و مامحمیان بە دکرت، هم ئوەندە بشرم و ووقایمن ئامادەی دانپدانیش نین، تانت بە شانازی و سربرزیەوە پاساو بە تاوان و کوشتن و گندی و کار قزونکانیان دهننەوە. وەک بەی مرق لم کەمگایدا بە ئوە دروست بووە همیشە و تا مردن حیکایت و پچ و پنا و بند و بالرە بە چاک و خراپ و است و هکانی خی بهنتوە.

وات و مانگا و قش ...

نووســـــینی: جلال الجـــــاك …
وەرگێـــانی: محمد احمد محمد

لە سەردەمی قوربیش دا قەشەکان بە بتپەرستەکانیان دەوت بتەکان داوای مانگایەکتــان لە دەکەن بە ئەوەی داواکاریەکانتــان جێبەجێ بکەن،
بەگومان مانگاش قسە ناکات بەڵکو سووماند لەم کارە تەنها قەشەکانە خە ئەگەر قەشەکە بە خەڵکی بوتایە مانگایەکم دەوە کەس پێی نەدەدا، بۆیە فێڵی لێیان کرد بتەکی بۆیان دەزیوەو کە بیپەرستن و پیرۆزی بکەن و لە پەناویدا بمرن.
پاشان قەشەکە خۆی دەکاتە نوێنەر و وتەبێژی بتەکە و داوا لە خەڵك دەکات گەورەیی و پیرۆزی بە بتەکە بنوێنن
تا گەیشتە ئەو رادەیەی ئەگەر داوای شتێکی لە خەڵك کردبا بەناوی بتەکەوە زەر بەخشحاڵیەوە دەیاندایە قەشەکە و چاوەڕێیان دەکرد قەشەکە پێیان بڵێت کە دیاریەکەیان قبوڵ کراوە
لە پــێش جەنگــی جیهــانی دووەمــدا، هیتلەر لە وتارێکیــدا بە ئەڵمانەکانی وت کە خوایەکیان بە دروست دەکات لەسەر زەوی بە ئەوەی بیپەرستن، مەبەستی وەاتی ئەڵمانیا بوو کە پێویستە لە پەناویدا بمرن و قوربانی بدەن لە پێناو گەورەیی و بەرزیدا.

نیشتمانیش هەروەکو بتێکی بەرستراوە و قسەش ناکات، ئەوانەی بەناوی نیشتمانەوە قسەدەکەن سیاسییەکانن کە هاوشێوەی قەشەکانن.
کاتێك کە داوای قوربانیدان دەکەن لە خەڵك لە پێناو نیشتماندا ئەوان داوای قوربانیــدان دەکەن لە پێنــاو خێــان و مانەوێــان لە دەسەڵات.
ئەو کەسانەش کە نیشتمانیش دەپەرستن بەختەوەرن…
دەڵێن تە لە پێناو خاك دا دەمریت و ناوی شەهیدی نیشتانت لە دەنێن، لە کاتێکدا کە سەرکەکان نە خێان و نە کوڕەکانیان لە پێناو خاکدا نامرن

. چونکە ئەوان خێان نیشتمانن
لە پێناو ئەواندا نیشتمان پەرستەکان دەمرن
هەموو کات وشەی زەبەلاح دەبیستین وەکو خەزینەی وەات و موڵکەکانی وەات و هەیبەتی وەات و سەرکەی وەات
هەموانیش دەمرن بە ئەوەی وەات نەرووخێت
وەات .. وەات … وەات

کەسیش ناپرسێت وەڵات چییە؟!
ئەم چەمکە واتایی یە پیرۆز چییە کە هەموو شتەکی بە دەگمەنەوە
و مافی خەیاتی هەموو شتەکتان لە بسەنێتەوە
ئایین و گیان و کەرامەت و پاروتان
ئەم پەرستراوە پیرۆز چییە کە داوا لە خەڵکی ئەکەن برسی بن ز
ئەوەی ئەو تێربێت؟
و خەڵکی بمرن و ئەو بژی
و خەڵکی سووکایەتییان پێ بکرێ و ئەو کەرامەتی پارێزراو بێ
لە ڕاستیدا
وەڵات پەرستراوەکی وەهمییە و هیچ مانایەکی نییە جگە لە هەڵز و
دەسەڵاتی سەرکەکان
بە ئەوەی خەڵکی بە ملکەچی و کۆیلایەتی رازی بن پێویستە هەموو کات
پێیان بوترێ کە هەموو ئەوەی دەیکەن لە پێناو بەرژەوەندی وەڵاتە
پارەکانت دەدزن و مافەکانت زەوت دەکەن دواتر پێت دەڵێن ئەوان
تەنها لە پێناو بەرژەوەندی وەڵات بردوویانە
سووکایەتیت پێ دەکەن و خوێنت حەڵاڵ دەکەن و دواتر دەڵێن تەنها لە
پێناو بەرژوەندی وەڵات کردوویانە
سەربازەکان لە پێناو مانەوەی خەیان بەکاردێنن و بەرەو جەنگ
دەیانبەن، بە بیانووی پاراستنی وەڵات.

گەر بە ئاشکرا بیانوتایە ئەمە دەتانکوژین و تاڵانتاندەکەین و
پارەکانتان دەبەین لە پێناوی دەسەڵاتی خەمان هیچ کەسێک قبوڵی
نەدەکرد
دواتر ویستیان پیرۆزی و مەزنی زیاتر بەوپەرستراوە ببەخشن بەیە
ناویان ناوەتی پیرۆز
بە نموونە لە میسر وایان لە خەڵکی کردووە لە دوایانەوە بڵێن
ئەمرین لە پێناو میسر دا
بە قوربانی میسر بین
بە ئازادی بژی میسر
ئەگەر داوا لە میسرییەکان کرابێت لە پێناو میسر بمرن؟!
دەبێت بپرسین؟ میسر چییە تا میللەت لە پێناویدا سووکایەتیپێ بکرێ
و بکوژرێ
کەواتا میسر میللەتەکەی نییە
ئەی خاکەکەیەتی؟!
ئەگەر خاکەکەی بێت.. کە سنوورەکانی داشتووە؟!
خۆ زەربەی سنووری ئەم وەاتانە داگیرکەرە ئینگلیز و فەرەنسییەکان
داینەوە نە باپیرەی من و تۆ دایاننەناوە!!

ئەو با بەین رەکەوتین لەسەر سنووری خاکیش
ئایا خەکی موکی خاکن یان خاك موکی خەکە؟!
بەڕان ئەو زربەتان شوقەیکتان نییە لەسەر ئەو خاکەی کە لەسەری دژین، ئەویشی شوقە و خانووی هەیە باجکەی دەدات وەك بەی بە کرێ گرتبێتی لە سەرکی وەات و حکومەتکەی
بگرێ ئەمە هەموومان پارەی ئەو گەڕەش دەدەین کە لەی دەنژرێین
ئەی کوا ئەو خاکەی کە خەتانی بە دەدەنە کوشت؟؟ ئەوانە خاکی دەوەتن!

خاکك پەرستراوکەی وەات (سەرکی وەات) دابەشی دەکاتە سەر شوەنکەوتوو و دارودەستەکەی بە ئەوەی دەسزییان بەدەستبهەنێت و دابەشی دەکاتە سەر بازرگانە گەندەکان و وەبەرهەنە بیانییەکان بە ئەوەی خەی قازانجی لە بکات، هەروەک چۆن قشکەی قوریش قازانجی لە مانگاکە دەکرد

کەواتا وەات خاك نییە!!
ئەی چی مایەوە لە چەمکی وەات کە خەمانی بە دەدەینە کوشت؟!
تەنها خاوەنی بەیار و هەز و دەسەات
تەش داوات لە کراوە برسی بی و سووکایەتی قبوە بکەی لە پەناو مانوەیان و پاراستنی بژێوەندیکانیان

وەاتی راستەقینە میللەتە

نووسینی: جلال الجاك
وەرگەانی: محمد احمد محمد

سەرچاوە:
http://www.m.ahewar.org/s.asp?aid=679580&r=0

ئەرە هەمە یان چند

پارێزگایەک سەر بە عێراق … سامان عەول

دابەشکردنی یەکە ئیداریەکان و دروستکردنی هەرێمێکی بە پارێزگا، باشترین هەڵبژاردەیە بۆ چاکسازی لە سیستەمی ئیداری هەرێمی کوردستان.
باسەکەمان بەم چەند خاڵە دەست پێ دەکات:

1. لە عێراق هەرێمێک هەیە بە ناوی هەرێمی کوردستان، بەڵام عێراق پێکهاتووە لە 18 پارێزگا(هەشتا هەڵەبجە بەشێوەیەکی یاسایی نەکراوە بە پارێزگا). باشە ئەگەر دابەشکردنی شارەکانی عێراق لە دوای ساڵی 1968تەوە بەشێوازی پارێزگایە و تا ئێستاش هەمان شێوازی ئیداریی لە دەستوری عێراقدا چەسپێنراوە, ئەی باشە ئەم هەرێمە مانای چیی؟
2. ئەگەر موچەی کارمەندانی ئەم هەرێمە لەلایەن بەغداوە دابەش بکرێت و بەغدا لەسەر ئاستی پارێزگاکان موچەکە بنێرێت، ئەی باشە ئیتر هیچ پێویستییەکمان بەو حکومەت و پەرلەمانەی هەولێر دەبێت؟
3. ژمارەی ئەتەمبەلەکان تائێستاش هەر ناوی عێراق و ناوی پارێزگاکانە، ئەی کوا ئاماژەیەک بە ئەم هەرێمە؟
4. لە پەرلەمانی عێراق ژمارەی کورسییەکان بەسەر ئەم 18 پارێزگایە دابەش کراوە، نۆوەک 15 پارێزگا و هەرێمەک!
5. ئایە هێژەی کورد لە کابینە وزاریەکانی حکومەتی عێراق بە چ پێوەرێک هەژمار کراوە؟ بە پێوەری هێژەی هەموو دانیشتوانی هەرێمی کوردستان، یان بە پێوەری هێژەی سێ پارێزگا؟
6. بگەڕێی دەستوری عێراق (کە کورد خۆی ئەم بەندەی تێیدا چەسپاندووە) دەڵێ ئەگەر گەڵانکاریی لە بەندەکانی دەستوری عێراق کرا، ئەوە دەبێت ریفراندەم ئەنجام بدرێت بە بەشداریی گەلی عێراق لەسەر ئەو گەڵانکاریە، هەرکات سێ پارێزگا بڕیاریان دەنگەکان ئەم گەڵانکاریانەیان رەتکردەوە، ئەوە یاسا تازەکە هەڵدەوەشێتەوە و کاری پێناکرێت. هیچ ئاماژەیەک نییە بە هەرێمی کوردستان! بەڵکو ئەم هەرێمەش (بە بەشداریی سەرکردەکانی کورد) وەک سێ پارێزگا حسابی بۆکرا بۆیە باس لە رەتکردنەوەی سێ پارێزگا دەکات. ئەم یاسایەش زۆر ترسناکە چونکە دەکرێت لە داهاتوودا

دەستکاری دەستور بکرێت بۆ نەهێشتنی سیستەمی فیدراڵی و کاتێک ڕەفراندەمێکی لەسەر دەکرێت، ئۆگری زۆرە کە یەکێک لەم سێ پارێزگایەی هەرێم بۆ زۆرینەی دەنگ ڕاتی نەکێنێوە و لەم کاتەدا هەرێم دەکەوێتە ژێر هەڕەشەی نەمانەوە. بۆیە دەبوو باس لە ڕاتکردنەوەی زۆرینەی خەڵکی هەرێمی کوردستان بکرایە لە ڕیفراندەمکان. واتە هەموو خاکی هەرێم بۆیەک ناوچە تەماشا بکرایە، بەڵام ئێوە هەر سەرکردەکانی کورد خۆیانن کە لەهیچ بوارێکدا حسابیان بۆ هەرێم نەکردووە، بەڵکو حسابیان بۆ سێ پارێزگاکەی ناو هەرێم کردووە.

ئایە هێشتا درەنگ نییە بۆ چاکسازی؟

ئێم خاڵانەی سەرەوە ئێو نیشانەزایی و تێکەڵییەمان نیشاندەدا، کە لەگەڵ دامەزراندنی هەرێمی کوردستان لە ساڵی 1991دا پارتی و یەکێتی تێیکەوتوون و ئەگەر چارەسەری نەکەن، ئێوە زۆر بۆئاسانی دەبێتە مایەی نەمانی دەسەڵاتێک کە پێیدەڵێن دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان. چۆن؟
ئیمڕۆ ئێمە پارێزگا و شارۆچکە و شارەدێ و لادێمان هەیە. ئێوەی کە گەیابێت ئێوەیە کە ئێم پارێزگایانە لەجێی ئێوەی سەر بە پایتەختێک بن بەناوی بەغدا، ئێستا سەر بە هەولێرن.
ئێم نموونەیەش لەوە دەچێت کە عێراق کرابێت بە دوو بەشەوە و دوو پایتەختی هەبێت، نەوەک هەرێمێک هەبێت بەناوی هەرێمی کوردستان و سەر بە دەوڵەتێک بێت بەناوی دەوڵەتی عێراق. نابێت هەم هەرێم بیت و هەم پارێزگا!
وەک لە دەستوری عێراقدا هاتووە، عێراق پێکهاتووە لە پارێزگاکان و لە هەرێم. دەبوو لەم هەرێمەدا سیستەمی پارێزگا هەڵوەشایەتەوە و هەموو شارە گەورەکانی هەرێمی کوردستان وەک سلێمانی و هەولێر و دهۆک و زاخۆ و کەرکوک و سەڵاحەدین و هەڵەبجە و گەرمیان و چەمچەماڵ .....هتد، لەسەر شێوازی لامەرکەزی بکرایەن بە کۆمەڵە ناوەندێکی ئیداریی سەربەخۆ بەناوی ناوچە یان کانتۆن یان هەر ناوێکی دی . شارەدێ و لادێکانیش دابەش کرایەن بەسەر ئێم ناوچە ئیداریانە و هەرێک لەم ناوچانە خاوەنی ئەنجومەنی شارەوانیی و سەرۆک شارەوانی خۆی بووایە کە لەڕێگای هەڵبژاردنەوە دەستنیشان بکرایەن. هەولێریش وەک پایتەختی ئێم هەرێمە پەرلەمانێکی دوو ژووری لێخۆ بگەڕدایە(ژووری ئەندامە هەڵبژێراوەکان لەسەر ئاستی هەرێم و ژووری سەرۆک شارەوانییەکان)، لەم پەرلەمانەوە بەزۆرینەی دەنگی هەردوو ژوورەکە کەسایەتییەک بکرایە بە سەرۆکی هەرێم و ئێم کەسایەتییە

حکومەتکی بچوکی خۆجێی دامەزرانایە، واتە پێویستی بە سەرۆک وەزیران نەدەکرد.
ئەم نەشارەزاییەی دەسەڵاتی کوردی بە سیستەمی فیدراڵی و چۆنێتی ئیدارەدانی هەرێم گەورەترین هۆشیە بە سەر خەدی دەسەڵاتی کوردی خۆی، چونکە هەرکاتێک بۆغدا دەسەڵاتی پێیداکرد و وەک جۆرە لێکخستنەکی ئیداری ناوخۆیی دەتوانێت هەرش بکاتە سەر هەولێر و ئەم هەرەمە بتوانێتەوە یان ئەنجومەنەکی کارتەنی بە دانێت لەوی سەردەمی بۆعس. لەگەڵ توانەوەی دەسەڵاتی هەولێر هیچ پشتوێیەک ڕووندات، چونکە ئەم ناوچەیە تەنها سێ پارێزگایە و ئەم جارەیان دەگەڕێنەوە سەر بۆغدا.
ئەبە ئەوەش بزانین کە لە ڕووی یاساییەوە پایتەخت بۆی هەیە دەسەڵاتی خۆی فەرزکات بەسەر هەموو خاکی عێراقدا. نموونەی ئەم باسەمان هەیە، لە سەردەمی بەرس یاسەتسن لە ساڵی 1994دا ئەو کاتەی کە چەکدارە ئیسلامییەکانی چیچان هێزێکی گەورەبوون، توانیان چیچان وەک ناوچەیەکی سەربەخۆ لە ڕوسیا دامەزرێنن تا فلادیمێر پوتین بوو بە سەرۆکی ڕوسیا ولە 1999وە تا ساڵی 2009 سوپایەکی سی هەزار سەربازی نارد بۆ جەنگکانی چیچان و سەرکەوت بە سەر هێزە سەربازەکانی چیچاندا و حکومەتکی خۆجێی سەر بە ڕوسیای لە چیچان دامەزراند. ئەم هەرشانەی ڕوسیا بە سەر چیچان وەک جەنگکی ناوخۆی تەماشا کرا کە لە چوارچێوەی شەڕی ڕوسیای فیدراڵ دژ بە تیرەرستان هەژمارکرا و ئێستا هەمزان قەدیرۆف سەرۆکی چیچانە کە کەسایەتییەکی سەر بە کرملنە لە چیچان.
هەمان ئەم سیناریۆیە دەکرێت لە عێراقێکی خاوەن سووپایەکی بەهێز و سەرەک وەزیرانێک کە بیروبۆچوونی دەسەڵاتکانی بەرفراوانتر بکات، ڕووبدات، بتایبەتی لەم بارودۆخی ئێستای ئەم هەرەمە کە خاوەن دەسەڵاتێکی تەواو شکستخواردووە و متمانەی خەڵکی لە دەست داوە و لەڕووی ئابوریەوە بەرەو مایەپووچی دەچێت و لەدوای ڕیفراندەمی شووەکەوە و هەڵکانی بەڕوبەردنی کەرتی نەوت و غاز و بە پارەیی ئێستا هەولێر بتەواوەتی لاوازە بەرامبەر بە بۆغدا و ئەگەر لەڕگای جەنگیشەوە نەبێت، ئەوە لە ڕگای گفتوگۆوە بۆغدا دەتوانێت زەربەی دەسەڵاتکان لەدەستی حکومەتکەی هەولێر وەرگرێتەوە و ئەگەر ئاوها بوات ئەوە هەولێر وەک حکومەتکی کارتەنی بە دەسەڵات بە ماوەیەک دەمێنێتەوە و لە کۆتایدا دەچێتە ژێر کۆنفی بۆغداوە.

نەخێر هێشتا درەنگ نییە بۆ چاکسازییەکی بنەڕەتی و دانانی دەستورێکی هەمیشەی بۆ هەرێمی کوردستان لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵاتکان بەسەر شارە گەورەکانی هەرێم و لادانی سیستەمی

پارێزگاکان. لەم حاڵەتەدا هەموو پەیوەندییەکانی بەغدا و دەرەوەی هەرێم لەگەڵ هەولێر دەبڕێت و هەولێریش سەرپەرشتی ئیدارەی سەربەخۆکانی شار و ناوچەکان دەکات لەجێگای پەیوەندی نێوان سەرۆک وەزیرەکانی هەرێم لەگەڵ سەرۆک شارەوانییەکان. ئەم سیستەمە تازەیە هەم ئاو لامەرکەزییە خراپەمان لەکەڵ دەکاتەوە کە یەکێتی دەیەوێت لەسەر ئاستی دەسەڵاتی حیزبی دایمەزرێنێت و هەم ئاو مەرکەزییە خراپەمان لەکەڵ دەکاتەوە کە پارتی دەیەوێت هەموو دەسەڵاتەکان بۆ خۆی قۆرخکا وهەموو حیزبەکانی تر بکاتە پاشکۆی خۆی. لەهەمان کاتدا بەغدا ناتوانێت وەک چەند پارێزگایەک تەماشات بکات و ناتوانێت بیر لەوە بکاتەوە کە پەیوەندی لەگەڵ پارێزگاکان بەئاستەوخۆ ئەنجام بدات. دەبێت لە پەرلەمانی عێراق حساب بۆ هەرێم بکرێت وەک یەک ناوەندی هەڵبژاردن و لە دابەشکردنی وەزارەتەکانی کابینەی حکومەت لە بەغدا دەبێت ڕێژەیەکی تایبەت بۆ هەرەمی کوردستان دیاری بکرێت بۆ گۆڕینی ژمارەی دانیشتوانی ناو هەرێم و تەنانەت ژمارەی ئەتەمبەلەکانیش دەبێت تەنها ناوی عێراق و هەرەمی کوردستانی لەسەربێت لەگەڵ کەدی شارەکانی هەرێم. لەم کاتەدا دەکرێت پارتەکانی ناو هەرێم ئەکابەرێتی لەسەر دەسەڵاتی ناو شارەوانییەکان بکەن.

ئایە ئەم سیستەمە چارەسەری قەیرانە ئابورییەکانی هەرێم دەکات؟

لە کوردستان نایەکسانییەک هەیە بەرامبەر بە چەند ناوچەیەک کە داهاتیان لە شارەکانی تر زۆرترە، بەڵام چونکە داهاتەکان دەچنەوە لای پارتی و یەکێتی، دەبینین تەنها شارەکانی هەولێر و سلێمانی بەڕێژەیەکی زۆر قازانج لە بوجەی هەرەمی کوردستان دەکەن. بە نموونە داهاتی گومرکی سنوری زاخۆ، یان داهاتی کارگەکانی ناوچەی بازیان، یان داهاتی نەوتی گەرمیان....هتد. ئایە ئەم ناوچانە بەقەد شاری سلێمانی و هەولێر قازانجیان لەم داهاتەی ناوچەکانی خۆیان کردووە؟ نەخێر. بە ئاوەی ئەم ناحەقییە نەمێنێت و جارە ئوحەکی ئەکابەرێتی بخۆیانە نەوان ناوچەکانەوە بە بووژاندنەوەی کەرتی ئابوری ناوچەکان ولە کۆتایدا ئەم ئەکابەرییە دەچێتە قازانجی کەرتی ئابوری هەرێم بگشتیەوە، دەبێت تەنها ڕێژەیەکی کەم لەم سەرچاوە ئابورییانە وەک باج بدرێت بە حکومەتی هەرەمی کوردستان و ئاو ناوچانەی کە خاوەنی سامانی سروشتین وەک نەوت و غاز، دەبێت ڕێژەیەکی کەمی وەک لە سەدا یەکی داهاتەکە بدرێتەوە بە ناوچەکە. لەبەرامبەردا حکومەتی هەرەمی کوردستان دوو سەرچاوەی دەبێت وەک داهات. یەکەم باجی ناوچەکان و دووەم بەرامبەر ئادەستکردنی نەوت و غازی

هەرێم بە بەغدا، بەغداش بەشی هەرێم لە بوجێی گشتی عێراق دەوانێ هەولێر بکات.
هەر ناوچەو دەبێت خاوەنی خەزێنەی خۆی بێت. دەبێت موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان و هەموو کەرتی خزمەتگوزاری ناوچەکە لەسەر ئەم خەزێنەیە بێت لەگەڵ بوجێی پرۆژەکانی ناو شار و لادێکانی ناوچەکە. بەم جۆرە هەر کێشەیەک دەویدا لە دواکەوتنی موچە یان تەواونەکردنی پرۆژەکان، ئەوە ئەنجومەنی شارەوانی و سەرۆک شارەوانی لێی بەرپرسیارن و هەر گەندەڵییەک هەبێت ئەوە لەسەر ئاستی ناوچەیەک دەبێت و زۆر بە ئاسانی دەتوانرێ ئاشکرا بکرێت، نەوەک بەم شێوازەی ئێستا کە کەس نازانێت گەندەڵییەکان کێ لێی بەرپرسیارە و خەڵکی یەخەی کێ بگرن.
ئەو داهاتەی کە حکومەتی هەرێم لە هەولێر دەستی دەکەوێت، دەتوانرێت موچەی هەزی پێشمەرگەی لێبدرێت و ئەو ناوچانەی کە داهاتە ناوخۆیەکانیان کورت دەهێنێت، لەم داهاتە پێکهێنەوە ئەوش لەبەرگای پێدانی بەگەوە کە بەچی بوجێی ئەم ناوچەیە کورتی هێناوە. دەتوانرێت لەهەمان بوجێی حکومەتی هەرێمەوە چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی پێ ئەنجام بدرێت، وەک شەقامەکی فراوانی(Highway) نێوان شارەکانی هەرێم. یان چەندین پرۆژەی ستراتیژی تری وەک نەخۆشخانە و کەمپی کارگەی بەسوود و پرۆژەی ژینگە و دارستان و بوارەکانی گەشتوگوزار.
بە جێبەجێکردنی ئەم سیستەمە فیدراڵییە، هەڵژەی وەزیرەکانی کابینەی هەرێمی کوردستان کەم دەبێتەوە بە چەند وەزیرێکی پێویست کە کارەکانیان لەگەڵ ئیدارە سەربەخۆکان دەبێت و چەندین پلەی کارمەندی نامێنێت کە ئێستا هەیە بەبێ ئەوەی هیچ پێویستییەک هەبێت بە هەبوونیان، وەک قایمقام و پارێزگار و سەرۆک وەزیران. واتە کەمپی موچەخۆری زەبەلاح نامێنێت کە تەنها بارێکە لەسەر بوجێی گشتی هەرێمی کوردستان. ئەمەش قازانجێکی ئابووری ئەم سیستەمەیە لەئیدارەدان.

بیست و نە ساڵ لە حوکمڕانییەکی شکستخواردو و پڕ لە هەڵە، هەرێمی کوردستانی گیاندووەتە ئاستێک کە متمانەی گەلەکەی لەدەست داوە و سەرکردەکانی لە بەغدا سازشبکەن بە ناردنی موچەی کارمەندانی ناو هەرێم و لە جێی گەیاندنەوەی ناوچە دابەوکان، کارمەندانی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان داوای ئەوە بکەن کە بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی بەغدا. بە تەپ بارانکردنی ناوچە سنووریەکان لەلایەن تورکیاوە و بە نەبوونی یەک هێزیی پێشمەرگە و بە لەدەستدانی هەموو شەرعیەتێک بە حوکمانی ئەم هەرێمە، وەک شەرعیەتی شۆشگێڕی و

شەرعییەتی هەبژاردن، ئەم چاکسازییە بنەڕەتییە زۆر پێویستە کە بەزووترین کات قسەی لەسەر بکرێت و بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، تا کات درەنگ نەبووە بۆ مانەوەی ئەم سەرۆکایەتییە وەک هەمەک. دابەشکردنی دەسەڵات بەسەر شار و ناوچەکاندا و دروستکردنی هەرێمێکی بۆ پارێزگا، باشترین هەبژاردەیە بۆ مانەوەی هەرێمی کوردستان لە چوارچێوەی وڵاتێکدا کە ناوی عێراقە.

06.2020

شەڕابێک لە ڕەنگی خەرتاو … ناڵێ حەسەن

ئەم شەرابە چیتر مەستمان ناکات
نامانگێنێتەوە نەو
بنار هەوارگە سەوداسەریکانی سەوزایی
یان / کەژانەکانی ئاگر
شەقامەکانی بروسکە
پەدەشتەکانی ڕەشەبا
من ئارەزووی شەرابێکی تر دەکەم
بەنی ئەیحانێی لە بەت و
شین شین / وەک گەنا خرپنەکانی خودا
زەرد زەرد / وەک سیما فریشتەییەکانی مانگ
شەرابێک لە ڕەنگی خەرتاو
سوور سوور / وەک مەمکەکانی هەنار
شەرابێک لە نەوەی ووبەری ونبوون
دەفرازم بکا
تەز و غوباری غەریبیم لە دا تەکێنێ و
دە پێ لەئازم بکا

شەرابێک
سەوز سەوز / وەک پێکەڕە ئەنگینەکەی گیا
شەرابێک بە نەو

بەهەشت و ئەقیانوسەکان و
کەلاوەکانی شەونم و
مەملەکەتی ئەستێران دا بمگێڕە
شەڕابێک
پشکەی ئارەزووەکانم گەش بکاتەوە و
ئاشتم بکاتەوە لەگەڵ کچە دراوسێکانم
من چیتر
ئەم شەڕابە ناخەمەوە
ئارەزووی شەڕابێکی تر دەکەم
شەڕابێک
ماڵە تاریکەکانی تێنیاییم
پێ بکات لە نوور و
باڵندە و
مرۆڤە ناموراد‌ەکانیش بە سەما بهێنە …!

شەڕابێک
شیرین شیرین
وەک لیکی نەو دەمی
حەری و
فریشتە و
شاژنە باڵا زاڤەکانی بەهەشت
شەڕابێک هێندە مەستم بکات
مەست مەست مەست
هێندە مەست
دەمارەکانی عاتیفە و
بوخچەی ئارەزووە ئیرەسیيەکانم
بخاتە سەر پشکەکانی ئاگر
هێندە مەست
پێمکا لە شیلەی شادومانی
بە جۆووانی
دەبەرە بریندارەکەی غوربەتم
کەپرەک لە وشە ماندوەکان چاو بە فرمێسکەکان
دروست بکەم و
ئەقیانووسێک لە شیعریش
بژێنمە نەو کەکە تێنووەکانی ژیان …!

ئایاری ٢٠١٤

دەزانن بۆ شکستیان هێنا؟ … عیماد عەلی

هۆکاری سەرەکی و بنەڕەتی شکستهێنانی دەسەڵاتی کوردستان بۆ ئەوە دەگەڕیتەوە کە بە پڕچەوانەی حەوت پەرەنسیپ و بنەما بنەڕەتیەکەی غاندی ڕەفتاریان کردووە، بە کردەوە و تێڕی وەك پێوەری سەرکەوتنی شۆرش و دەسەڵات باوەڕیان یێ نەبووە و پشێلیان کردووە:
1- لەشاخ و لەشار، شەڕ و سیاسەتیان بە بۆ مەبەدەئو بنەما و پەرەنسیپ کردووە و تەنها بە ئایدۆلۆجیەتی پڕچ ڕەفتاریان کردووە.
2- خەریکی چڕوڕگرتنی هەمەچەشنی بۆ ویژادن بوون و باکیان بە حاڵی خراپی خەڵکی تر نەبووە.
3- ئەگەر بەسەر زارەکی هەواڵی مەعریفەتیان دابێت بەڵام ئەو مەعریفەتەش بەدوور بووە لە بەهاکان کە بناغەی سەرەکی حەقیقەتی هەموو مەعریفەتێکە.
4- هەرچەند بەهیچ شێوەیەك باوەڕیان بە زانست نەبووە بەڵام ئەوەی لێشی نزیك بونەتەوە دوور بووە لە دیدو بۆچون و ئامانجی مرۆڤایەتی، نەك هەر ئەوەش بەڵکو زانستیان لە زانکۆکانیش حەرام کردووە و خەڵکانێکیان خستۆتە سەر بەرەوەبردنی ئەم سێکتەرە فێیان بە زانستەوە نیە.
5- ئەوەی بە زەقی لەشاردا پیادەیان کردبێت؛ سەروەت و سامانێکی زەبەلاحیان بە بێ کار و هیلاکی و لەسەر حسابی خەڵکی هەژار کەڵەکەکردووە.
6- هەروەها بە هەمان شێوە لەکاتی خەباتی شار!!! بازرگاینان بە بێ ئەخلاقی کردووە و قۆرخ کاریان کردۆتە پیشەی هەمیشەیی خێیان و حزبەکانیان.
7- بە خێیان و ئیسلامی سیاسیشەوە بە پڕچەوانەی پەروەردە و بانگەشەی ئایینی . ئیدعای عیبادەت دەکەن کەچی هیچ قوربانیەکی کەسی و حزبیان بۆ ئەوە نەداوە.
ئەمەش بۆ هەمووان ڕوون دەبێتەوە کە سەرجەم ئەو ڕەفتارانە پڕچەوانەی فکر و پەرەنسیپە سەرەکیەکانی غاندیە ، بۆیە شکستە گەورەکەشمان لە ڕگەدایە.

بەتەیی ... بەوار

بە تە
لەو عاشقە دەچم
هە موو ڕۆژێک
تادوا هەمین فارگۆنەکانی
شەمەندەفەرێک ئۆگرەت و
ئاوەی دەیهاوێت نایبینێت

لە و مردوانە ئەچم
ئەوارێیکی پێنج شەمە
منداڵێک بەسەر سنگیاندا باز دەدات
تا دەگاتە سەر گۆڕەکەی باوکی

لەو بارانە ئەچم
کە با لولی ئەدات و ئەیکات بەهەیوانی
پیرە مەردەکی مەلولدا

لە و پیرەژنە بیرکۆڵە دەچم
هەمو شتەکی بیر چەتوە
ناوی کوڕە دیلەکەی نەبە

لە وئازارە ئەچم کەهیچ دکتۆرێک بۆی ناشکە
من بە تە
چیم بەکۆڵکی ژیان دەت..!؟

بەوار

نەشمیلە ... عەلی حەمەشید بەرزنجی

نەشمیلە و شیرین شەوم
جگەی سەرنجی ئەوم
کە دەمبینن بەجارە
خەندە و خەشی دەبارە
بە بابە و دایە گیانم
هیوای بەرزی ژیانم
بە بابە و دایە گەورەم
هەی ئاسودەیی و خەندەم
...
٢٠/٥/٢٠٢٠